# وێنەی ژن لە پەندی پێشینانی کوردیدا

م.ی.صدیق اورحمان علی
سەرپەرشتی پسپۆری
وەزارەتی پەروەردە/ هەرێمی کوردستان
sdiq.talani@yahoo.com

م.ی. ثریا احمد عبدالله
سەرپەرشتی پەروەردەیی
وەزارەتی پەروەردە/ هەرێمی کوردستان
Thuraya_ahmed@yahoo.com

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.

## پوختەی توێژینەوە:

پەندی پێشینانی کوردی بەشێکی گرنگ و گەورەی فۆلکلۆری کوردییە، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوە و شەن و کەو کردنی ژیان و دید و تێڕوانینی کۆمەڵی کوردەواری بۆ پرس و وێستگە جیاجیاکانی ژیان.

وێنەی ژن لە پەندی کوردیدا، وەك تەواوی تێڕوانینەکانی گەلانی تری دەوروبەر بۆ ژن لە ڕابردوودا، وێنەیەکی دڵخۆشکەر نییە بەو پێیەی کەمتر وەك مرۆڤێکی خاوەن جێگە و پێگەی ناو کۆمەڵی کوردەواری لێی ڕوانراوە، بەڵکو زیاتر کەسایەتی ژن وەك مرۆڤێکی بێ دەسەڵات، ڕاڕا، ساویلکە و بێ وەفا یان وە کاڵایەك سەیرکراوە، دوالیزمەی خۆشبەختی و نارەحەتی، شەڕ و ئاشتی لەکەسایەتی ژندا بەرجەستە کراوە و پیاو لەتەواوی شکستەکان کراوەتە دەرەوە.

**وشە کلیلییەکان**: وێنەی ژن، پەندی پێشینان، فۆلکلۆری کوردی

# The Image of women in Kurdish proverbs

**Sdiq Aurahman Ali**
**Assistant lecturer**
**Ministry of Education/ Kurdistan Region**
**Sdiq.talani@yahoo.com**

**Thuraya Ahmed Adulla**
**Assistant lecturer**
**Ministry of Education/ Kurdistan Region**
**Thuraya_ahmed@yahoo.com**

## Abstract

Kurdish proverbs formulate an important and essential part of Kurdish folklore, and it is a rich source for studying life style and view of Kurdish people about issues and different fields of life.

The Image of women in Kurdish proverbs is not a desired image; because, they are not deemed as noble and active characters. Rather, they are seen as a weak, hesitated, credulous and dishonest character, or they are considered as goods. Happiness and sadness, peace and war are embodied in women personality, and men make themselves beyond any failure.

**Keywords:** Image of women, Proverbs, Kurdish folklore

# صورة المرأة في الامثال الكردية

م.م.صديق اورحمان علي
مشرف اختصاصي
وزارة التربية / إقليم كردستان
sdiq.talani@yahoo.com

م.م. ثريا احمد عبدالله
مشرفة اختصاصية
وزارة التربية / إقليم كردستان
Thuraya_ahmed@yahoo.com

## الملخص :

الأمثال الشعبية الكردية هي جزء مهم وكبير من التراث الشعب الكردي، وهي مصدر غني للبحث وتفسير وتحليل الحياة وجهة نظر المجتمع الكردي الى مختلف قضايا ونواحي الحياة.

صورة المرأة في الأمثال الكردية القديمة، مشابهة لنظرة الشعوب الاخرى المحيطة الى المرأة في الماضي، نظرة غير مبهجة اذ نظر اليها من مكانة اقل في المجتمع، ووصفت شخصية المرأة بعدم الوفاء والتردد، وانها ضعيفة واقل شأنا، او كسلعة تحت ارادة الرجل، وجسدت المرأة صورتي الخير والشر، السلام والحرب، واتهمت أحيانا بالمصائب التي تصيب المجتمع، وبرئ الرجل من كل ذلك.

**الكلمات المفتاحية**: صورة المرأة، الامثال الشعبية، الفلكلور الكردي

## پێشەكی:

لێكۆڵینەوە لە باری كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گەلەكەمان ئەركی سەرشانمانە هەریەك بەپێی پسپۆڕی و شارەزایی خۆمان كاری لەسەربكەین، گەڕانەوە بۆ مێژووی پێكەوە ژیانی باب و باپیرانمان خستنەڕووی بیر و بۆ چوونەكانیان دواتر شەن و كەو كردنیان و دەرخستنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەكانی بە مەبەستی ڕاستكردنەوەی هەڵەكان و بایەخدان بە تێڕوانین و بۆچوونە دروستەكانیان.

ژن لە كۆمەڵگەی ئێمەدا سەرە ڕای قوربانیدان و گیان بەخشینی زۆری لە پێناو نیشتیمان و هاونیشتیمانیانیدا، دەبینین دووچاری سوكایەتی جۆراو جۆر بۆتەوە بەهۆی تێڕوانینی چەوتی كۆمەڵگا، ئەویش لەژێر كاریگەری بیر و ڕای دژە شارستانی و كلتوری دواكەوتووی گەلانی دراوسێ و هەروەها قۆناغە جیاجیاكانی ژیانی كۆمەڵگەی كوردەواری، بۆیە ئێمە كاركردنی خۆمان تایبەتكرد بە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی و بەدیاریكراوی پەندی پێشینانی كوردی وێڕای ئەوەی چەند پەندێك، كەلەپەنجەی دەست تێناپەڕن لە وەسفی ژندا وتراون، تەوای پەندەكانی تری كەلەسەر ژن وەك مرۆڤێكی ناكامڵ و پلە دوو لێی دەڕوانن، ئێمەش توێژینەوەكەمان تەرخانكردووە بۆ وێنەی ژن لە پەندی پێشینانی كوردیدا كارمان لەسەر پەندە كۆكراوەكان كردووە و بەزۆریش ئەو پەندانەمان وەرگرتووە كە لە چوارچێوەی دێڕی شیعریدا داڕێژراونەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**

دەرخستنی بۆ چوونەکانی پێشینانمان بەرانبەر ژنان و خستنە ڕووی هۆکاری ئەو بۆ چوونانە و دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو بیر و باوەڕە چەوتانە، هەروەها پیشاندانی چۆنیەتی پێکەوە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ و تێڕوانینیان بەرانبەر بە یەکدی.

**گرفتی توێژینەوە**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی دەست دەخاتە سەر پرسێکی گرنگ و کێشەیەکی دیارکراو دواتر بەدوای وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێت، ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

ئایا لەڕابردوودا چۆن لە ژنانی کۆمەڵی کوردەواری ڕوانراوە؟ ئایا گرفت و کێشەکانی ژنان مێژوویەکی درێژکراوەی هەیە؟ ئایا تێڕوانینی پیاو بۆ ژنان لەلایەن هەست و سۆزە و جیاوازە وەك لەلایەنی بیر و ژیری؟ وە ئایا ژنان کارکتەری سەرەکی بنیادنانی کۆمەڵگان؟

**بایەخی توێژینەوەکە**

پرسی ژنان بەردەوام پرسێکی گرنگ و مایەی بایەخ پێدانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی چالاکانی ئەو بوارە بووە بەڵام زۆربەی ئەو نووسین و قسە و باسانەی لەو بارەو دەکرێت زیاتر پیاهەڵدان و قسەکردنە لەسەر ئەوەی کە ژنی کورد بەچاوی قەدر و ڕێزە وە لە کۆمەڵدا تەماشا کراوە بۆیە ئێمە لەو توێژینەوەماندا هەوڵماندواە ئاڕاستە پێچەوانەکەی تێڕوانینی کۆمەڵگا لە ڕابردوودا بخەینە ڕوو.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

خستنە ڕووی گۆشەیەکە لە بیر و باوەڕ و تیڕوانینی ئەوانەی، کە لە پێناسەیاندا بەکەسانی دنیا دیدە بە ئەزموون ناوبراون تا ئێمەش پێیان ئاشنا بین و سەرچاوەی بیر و تێڕوانینەکانیان دەربخەین و سەرجەم ئەو وێنە جۆراو جۆرانەی ئەوان لە پەندی پێشینانی کوردیدا بۆ ژنانیان نەخشاندووە پیشانی نەوەی نوێی بدەین.

ڕێبازی توێژینەوەکە

بۆ ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی شیکاری وەسفییمان گرتۆتە بەر

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکەمان جگە لە پێشەکی لە دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم:تایبەتە بە پەندی پێشینان و پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا، کە هەوڵدراوە چەمك و پێناسەی پەندی پێشینان و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگادا بخرێتە ڕوو، بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ وێنەی ژن لە پەندی پێشینانی کوردیدا، کە تیایدا بەشێکی زۆری وێنەکانی ژنانی تێدا پێشاندراوە، دواتریش چەند ئەنجامێکی بەدەستهاتوو لەم

توێژینەوەیەدا خراوەتە ڕوو، جگە لە ڕاسپاردە و پێشنیاز. ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیدا بەکار هاتوون ڕیزکراون و لە کۆتاییشدا پۆختی توێژینەوەکە بەهەرسێ زمانی کوردی، ئینگلیزی و عەرەبی خراوەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم:

## پەندی پیشینان و پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا

یەکێك لە گەنجینە بەنرخەکانی ئەدەبیاتی هەر گەلێك فۆلکلۆرەکەیەتی کەسەرچاوەی داهێنانی ئەدەبی و هاوکات کەرەستەیەکی گرنگی بەردەستی توێژەرانە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیانی ڕابردووی هەر گەل و کۆمەڵگایەك، هەربۆیەش لەسادەترین پێناسەدا بۆ فۆلکلۆر دەوترێ (بریتیە لەو هونەر و داهێنان و نووسراوانەی پێش ئێمە، کە خاوەنەکانیان نەناسراو و نادیارن و بەشێوەی پشت بە پشت لە باب و باپیرانمانەوە وەرمان گرتوون و کەڵکیان لێوەردەگرین وەك: داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، گۆرانی، بەیت و باوی جۆر بەجۆر، کایە و گەمەی چین و توێژەکان، هەڵپەڕکێی خۆماڵی، جل و بەرگی ڕەسەن، مەتەڵ، پرسیار و پەندی پێشینان...) (ژاکاو، ١٣٦٨، ل٣) (zhakaw,1368,p3)، کە هەریەکێك لە مانە بەشێك لە کەلەپووری نەتەوایەتیمان پێك دێنن و ئەرکی سەرشانمانە پارێزگارییان لێبکەین، هەڵبەت ئێمە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان تیشك خستنەسەر ئەو بەشەی فۆلکلۆرە کە بەبەشی بیر یان بەرهەمی سەرزاری دانراوە و واتە مەبەست (ئەو بەرهەمە خوڵقێنەرانەیە کە کوڕ لەباوکەوە و منداڵ لە دایکەوە ئەیبستێ و ئەمێنێتەوە هەرلەبەر ئەمەیە کە ئەدەبی فۆلکلۆر بەبەرهەمی تاقە کەسێك دانانرێ و ئەدرێتە پاڵ هەموو میللەت و بەبەرهەمی خوڵقێنەرانەی گەل ئەناسرێ) (ڕەسوڵ، ١٩٧٠، ل٨) (Raswl,1970,p8) لەناو بەرهەمی سەر زاریشدا پەندی پێشینانمان وەك کەرەستەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان هەڵبژاردووە.

پەندی پێشینان بەشێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆریمان پێك دەهێنن و بریتین (لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نووسێنراو، مەعنایەکی بەرزیان تێدایە لە زەمانێکی زۆر کۆنەوە کەوتوونەتە سەر زمانی کوردی و چۆنیەتی ژیان و ڕەوشت و بیر و باوەڕییان چ لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی چ لەباری خێزانی و کەین و بەینی ژیانی تێکڕایی...پلەی دونیایدا پیشان ئەدەن) (سەجادی، ١٣٩١، ل١٣) (Sajadi,1391, p13)یاخود لە پێناسەی تری پەند دا هاتووە کە ( وشە و دەستەواژەیەکە کورت و پڕ واتایە لە زمانی تاکێکی بێدار دەرچووە، کە ئاگای لەواقعی ژیانی کۆمەڵ هەبووە و دواتر کەوتۆتە سەرزار و دەما و دەم گەیشتۆتە ئێستا)(قاضی، ١٣٦٤، ل ٣)(Qazi,1364,p3) هەموو ئەوانەی کە لەبارەی پەندی پێشینانی کوردییەوە دواون پێیان وایە پەندی پێشینان لەبەرئەنجامی تاقیکردنەوەی دوور و درێژی ژیانی پڕ لە خۆشی و ناخۆشی گەلەکەمان هاتوونەدی و ئاوێنەی ڕابردووی گەلن و

ڕزگارکردنی هەر یەك لە پەندەکانی پێشینان و کەلێن و قۆژبنی مێژووی دێرینەمان بۆ دەخاتە ڕوو، سەبارەت بە کاریگەری پەندی پێشینان و ڕەنگدانەوەی لەناو کۆمەڵدا مامۆستا عەلائەدین سەجادی بۆ چوونی وایە کە (کورد زۆر پابەندە بە پەندی پێشینانی خۆیەوە، هەر کوردێکی ڕەمەکی یان شاری خوێندەوار یان نەخوێندەوارت بەرچاوی ئەکەوێ، هەر کە چوار قسەی کرد خێرا لە بەینیانا پەندێکی پێشینان دێنێتەوە)(سەجادی، ١٣٩١، ل١٤٠) (Sajadi,1391,p140)ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەو بۆچوونە بگەڕێتەوە کە پێی وایە (پەندی پێشینانمان وەك دەستور و باوێکن کە ڕابردوومان لەسەری ڕۆیشتوون و ئەبێ ئێمەش لەبەر تین و ڕووناکیان خۆمان گەرم بکەینەوە و ...وە بە زمان و ئاوازییان بدوێین و گۆرانی بڵێین)(شارەزوری،٢٠١٠، ل٩)(Sharazwri,2010,p9) هەر بۆیە شێخ محمدی خاڵ باوەڕی وایە کە دەکرێ لە ڕێی پەندی پێشینانی کوردییەوە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵ لە ماوەیەکی مێژوویی دیاری کراودا هەڵبسەنگێنین و دەڵێت: ( پەندی پێشینان بەرزی بیر و باوەڕی گەل نیشان ئەدات لەناو گەلانی تردا، وە ئەندازەی تێگەیشتن و پێگەیشتن بەرچاو ئەخات، بەتەواوی ئاشکرا و نمایانی ئەکات، کە ئەو گەلە ئەندامێکی بەهۆش و بیرە... وە شایستەی ژیانە، یاخۆ ئەندامێکی بێ هۆش و گۆش و شایستەی نەمانە) (خاڵ،٢٠٠٧، ل٩) (Xall,2007,p9) هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەشدا هەست بە جیاوازی پەندەکان دەکەین، کەئەمەش بۆ ژینگەی لەدایکبوونی پەندەکە دەگەڕێتەوە بەو پێیەی (پەندی پێشینان دەستکردی گەلە بەتێکڕایی، وە زادەی بیر و باوەڕی گشت لایەکیانە، بێ گومان هێندێکیان لەناوچەی خوێندەواری و ژیری بەرز و هێنێکیان لە ناوچەی نەخوێندەواری دا داڕێژراون... لەبەرئەوە هەندێکیان ئەبینین کە کاڵاو مەبەستێکی زۆر قەشەنگ و هەندێکیشیان ئبینین لەبەرگ و کاڵایەکی تردا)(خاڵ،٢٠٠٧، ل ٩)(Xall,2007,p10).

وێنەی ژنان لەپەندی کوردیدا وێنەیەکی تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو وێنانەی کە ژنان لە شیعردا هەیانە و لەلایەن شاعیرانەوە لەناو تێکستە شیعرییەکان بەرجەستەیان کردووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (ئافرەتان لە دوو لاوە چەوساوە بوون یەکەم لەلایەن زۆر و ستەمکارانی کۆمەڵەوە، وەکو مرۆڤێك، دووەم لەلایەن پیاوەوە، بۆیە زۆر لەپەندەکان بەتایبەتی کۆمەڵایەتییەکان یان ئافرەت وتوونی یان بەسەر ئەواندا چەسپێنراوە) (شارەزوری،٢٠١٠، ل ١١)(Sharazwri,2010,p11) بۆچوونی بە کەم سەیرکردنی ئافرەت لە بەشێکی زۆری دەقەکانی فۆلکلۆریدا بەدی دەکرێت بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین (لە ئەفسانەکانی ئێمەدا زۆربەی دێڵە دێو و سیحر بازەکان لەڕەگەزی ئافرەت (مێ) دانراون، بەڵام هەموویان ڕۆڵی سەلبی لە ژیانی کۆمەڵ دەگێڕن و یارمەتیدەری هێزی بەد خوازن، لە نیهایەتی هەموانیشدا مێرخاسێکی لێهاتوو ئەم تەلیسمە دەشکێنێ و کۆتایی بەدەوری شەڕەنگێزانەی ئافرەتی حیللەباز و بەئازار دێنێ) (قادر، ٢٠٠٩، ل ١٩) (Qadr,2009, p19) دواجار

سەرجەم ئەو بۆ چوون و تێڕوانینانە ڕەنگدانەوەی تەواویان لەسەر کۆمەڵگا هەبووە بەتایبەت، کە (ئافرەت لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا، وەکو ڕەگەزێکی نامۆ سەیر دەکرێت لەژێر جەور و ستەمێکی ماوە درێژدایە، بەردەوامیشبووە، مافەکانی ئافرەت لە جوغزێکی داخراوی ڕواڵەتی دەربازی نەبووە) (هەریری، ٢٠١٥، ل ٤) (Hariri,2015, p4) هەموو ئەم بۆچوون و تێروانینە سەلبیانەی کۆمەڵگاش بەرانبەر بە ئافرەتان هۆکاری جۆراو جۆری هەیە لەوانە کاریگەری فەرمانڕەوایی کۆمەڵگەی عەرەبی بەسەر ناوچەکە و جیهانی ئیسلامیدا و تێکەڵکردنی کلتوری عەرەبی لەگەل ئاین و دواتر پەلهاویشتن و بڵاو بوونەوەی ئەم کلتورە بەناو گەلانی تردا، جیا لەمەش لەسیستمی دەرەبەگایەتیدا (ئافرەتان لە دۆخی بێ مافی تەواو و بێبەشبوونی پێویستییەکانی ژیان بوون، ...لەمافی خاوەنداریێتی و بەتایبەتی بوونی کەرەستە و کەل و پەلی ژیان بێبەش بوون) (ستودە، ٢٠٠٩، ل ٢٥١) , (Stwda,2009 p251)وە ڕەنگە بەشێکی تری بۆ چوونەکانی تایبەت بە جیاوازی ژن و پیاو بۆ ئەو کاتەی مێژوو بگەڕێتەوە کە مرۆڤ زانین و ئەزموونێکی کەمی هەبووە لەسەر خۆی، سەرەڕای بوونی جیاوازی جەستەیی و توانای کەمتری ژنان بۆ بەهەم هێنان و پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە، وێڕای جیاوازی گرفتەکانی ژنان بەڵام دەکرێت بڵێین بەرەنجامەکان هەموویان هاوشێوەن کە ئەویش بریتییە لە (پەکخستنی ڕۆڵی کاریگەرانەی ئافرەت بۆ بەشداری ڕاستەقینە لە بوارەکانی ژیاندا و بێبەشکردنی کۆمەڵگەیە لە نیوەی وزە و تواناکانی کاریگەری ڕاستەوخۆشی هەیە لەسەر بەرەو پێشچوونی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری... هەروەها لەسەر داهاتووی نەوەی نوێ)(صدیق، ٢٠٠٧، ل ٢٣) (Sdiq,2007,23) دواجار هەموو ئەم تێڕوانین بیر و باوەڕە سەلبییانەی کۆمەڵگا لەمەڕ ژنان و تواناکانیان کاریگەریان تا هەنووکە ماوە و (ئێستاش لە کۆمەڵگای مۆدێرن و پێشکەوتووی جیهاندا ئافرەتانێك هەن کە ژیان وچارەنووسی خۆیان بەژیان و سەرکەوتنی هاوسەرانیانەوە دەبەستنەوە، ئەوەش ڕەنگدانەوە لە بیر و بۆچوون و دۆخی سەردەمی دەرەبەگایەتی ) (ستودە، ٢٠٠٩، ل ٢٥٥) (Stwda,2009 , p255) لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێت دان بەڕاستییەدا بنێین کە بەشێکی ئەم جیاوازییە و تێراوانینە سەلبییانە بەرانبەر بەژنان دەگەڕێتەوە بۆ ناعەدالەتی پیاوان و بە کەم سەیرکردنی ژنە لەلایەن ئەوانە چونکە (پیاوی دادگەر دەخوازێ خوشکەکەی خێزان و کچەکەی ئازادبن و خاوەن شکۆ و کەسایەتی پایەڵند و هەموو مافێکی خۆیانبن)(هەریری، ٢٠١٦، ل ٩) (Hariri,2016, p 9) ئەگەر چی لێکۆڵینەوەی زانستی و تایبەت بە مێژووی کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگەی کوردی کەمن و لە ئەوانیش کەمتر لێکۆڵینەوەی تایبەتە لەسەر ڕەوشی ژنان، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەوڵەکانی کۆکردنەوەی بەشەکانی فۆلکلۆر مێژوویەکی تاڕاددەیەك کۆنیان هەیە بۆ نموونە (کۆنترین سەرچاوەی پەندی پێشینانی کوردی دەستنووسێکە کە لەساڵی ١٧١١ زایینیی لە

ئەرمەنستان نووسراوە، دواتر هەوڵەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدییە) (قاضی، ١٣٦٤، ل ٦) (Qazi,1364, p6) کارکردن لەسەر ئەم بەشانەی فۆلکلۆر وەکو پێویست نییە بۆیە دوای چاو خشاندن بەبەشەکانی فۆلکلۆردا بەتایبەت لەنێوان بەیت و گۆرانی فۆلکلۆری و پەندی پێشینان یاخود بڵێین لە نێوان ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبدا جیاوازی گەورە دەبینین.

بە نموونە دەبینین شاعیر و بەیت بێژی کورد لەبەیت و گۆرانی فۆلکلۆریدا لەوەسف و بەراوردکردنی خاتوونە خۆشەویستەکەی بەانبەر بە پیاوان دەڵێت:

یاری من کچە کرمانجە

پێنسەد بەگزادەی دێنێ

دەمرم دەبر ئەو تەیرەی

نیشانەی بەهارم بۆ دێنێ....(تەها، ٢٠٠٨، ل ١١٩) (Taha,2008, p 119)

ئەم وەسف و ستایشە تەنها بە باڵانیشاندانی ژنان نییە بەرانبەر بە پیاوان بەڵکۆ لە بەراوردکردن و بەانبەرکردنیدا لەگەڵ سروشتیشدا هەمان ئەندازە و بگرە زیاتریشە ئەوەتا لە دێڕە شیعرێکی فۆلکلۆریدا دەبینین دەشتێکی جوان ڕازاوی ناوچەی موکریان وەکو (هەوژێر) بەوێرانە و کاکی بەکاکی ناو دەبات بەبێ یار و دەڵێت:

دەشتی هەوژێریم کاکی بە کاکی

یارم لێی دەرچێ خرابێ خاکی..... (تەها، ٢٠٠٨، ل ١٢٣) (Taha,2008, p 123)

ئەم وەسف و ستایشەی ژن لە شیعری فۆلکلۆرییەوە درێژدەبێتەوە بۆ شیعری کلاسیك و تادەگاتە شیعری نوێ بۆیە پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەم تێروانینە لە شیعردا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (شیعر هەستێکی ویژدانییە وە یا بەشێکە لە دڵی شاعیرەکە وەری ئەگرێ و دەری ئەبڕێ) (سەجادی، ١٩٧٠، ل٤٢) (Sajadi, 1970, p 42) واتە شیعر لەگەڵ دڵ و ویژدانی مرۆڤ دەدوێ هەوڵدەدا بیجۆڵێنێ ڕوونتر بڵێین ئەمە لایەنە سۆزدارییەکەی پیاوە بەرانبەر ژن.

لەکاتێك کە ئەو بەرهەمانەی پیوەندی بەعەقڵ و ژیری پیاوەوە هەیە دەبینی وێنەی ژن تەواو پێچەوانەیە، کە ئیمەش بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان بۆ تەرخانکردووە.

## بەشی دووەم:

## وێنەی ژن لەپەندی پێشینانی کوردیدا

وەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بۆکرد کە زۆربەی ئەوانەی پێناسەی پەندی پێشینانیان کردووە بە بەرهەمی بیری زانایان و بەهرەمەندانیان وەسف کردوون شاعیریش لەوەسفی پەندەکاندا دەڵێت:

گەنجینەی کوردان پەندی پێشینان بۆ پیر و لاو و منالْ و وردان
پەندی پێشینان بگرینە گوێمان با لە دیوارا نووسرابێ بۆمان
پەندی پێشینان گەنجینەی کوردە هەریەکە دەنگی زانایێ کوردە... (مودەریسی، ١٣٨٤، ل ٩)
(Mwdarisy,1384, p 9)

بەلاّم ئەگەر بەوردی سەرنجی پەندەکان بدەین دەبێت هەمیشە ئەو وتەیەی مامۆستا عەلائەدینی سەججادی بڵێینەوە کە دەڵێت: ( هەروەها کەسەیری ئەم پەندانە ئەکرێ پیاو وای بەرچاو ئەکەوێ کە لە کوخێکی تەریك لە ئاوەدانییەوە سەری هەڵداوە و هیچ شارستانیەتێکی نەدیوە) (سەجادی، ١٣٩١، ل ١٤٠) (Sajadi,1391, p140) ڕاستی ئەم وتەیەش کاتێك بەڕوونی دەردەکەوێت کاتێك ئەو پەندانە دەخوێنینەوە کە لە بارەی ژنەوە وتراوە و بۆمان جێماوە جگە لەچەند پەندێکی کەم کە لەژمارەی پەنجەی دەست تێناپەڕن، کە وەسفی لێهاتویی و کارامەیی ژنان دەکەن ئەوا باقی پەندەکانی تر وێنەیەکی ناشیرین و دزێومان لەبارەی ژنانەوە پیشان دەدەن و ئێمەش لێرەدا دەیانخەینەڕوو.

- **دەسەلاّت:**

یەکێك لەوێنەکانی ژن خستنەڕوویەتی وەك مرۆڤێك کە شایستەی دەسەلاّتداری نییە و هەمیشە دەبێت ژێر دەستە بێت، بۆیە لەپەندەکاندا واخراوەتە ڕوو هەرکات ژن دەسەلاّتی گرتە دەست هەمیشە ڕاڕا و دوودڵە بۆیە جێگای مەترسییە. وەك:

-ژن بوو بەگەورە بگرین بە دەورە

(ژن بوو بەگەورە بگرین بەدەورە هەر تاو بڕیارێ ئەدا لەو دەورە)

-ژن بکە بە کوێخا ساڵی حەوت جار بزن دەبڕێتەوە

(ئەگەر ژن بکەی بە کوێخا و سالارمەڕ ئەبڕێتەوە ساڵی شەش حەوت جار)(ژاکاو، ١٣٦٨، ل ٤٧٨)
(Zhakaw,1368, p478)

- **سەرچاوەی خۆشی و ناخۆشی:**

بەشێك لەپەندە کوردییەکان سەرجەم خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان وابەستەی ژنان دەکەن و دەیانەوێت ئەوە بەنەوەی دوای خۆیان بڵێن هەموو سەرکەوتن و گەشەسەندنێك لە ناو ماڵ و خێزاندا هۆکارەکەی ژنە و بەلاّم لەپاڵ ئەوەشدا هەموو ماڵوێرانی و شکستێکی پیاویش دیسان ژنی لە پشتەوەیە و خودی پیاو لێی بێبەرییە، وەك:

-ژن ماڵ ئەکا بەلانە، ئەیشی کا بە وێرانە

(ژنە، ماڵ ئەکا بەخانە و بەلان یا بەکەلاوە و بە چۆڵ و تەلان)

-ژن، مێردی ئەکا بەخان، یان ئەیکا بەتۆزی بان

(ژن شـــوویان ئەکەن بەخـــانی خانـــان یـــاخۆ ئەیـــانکەن بە تـــۆزی بانـــان)…. (ژاکـــاو، ١٣٦٨، ل٤٨٢) (Zhakaw,1368, p482)

تەنانەت ئەم پۆلێنکارییەی کە بۆ ژن کراوە وەك هەنـگ چوێنراوە واتە لەگەڵ ئەوەی کە سـەرچاوەی پێدانی خۆشییەکانی ژیانە بەڵام لەهەرکاتێکدا بیەوێ دەکـرێ وەك هەنـگ پێـتەوە بـدات خۆشـیەکانت لێ تاڵ بکات.

-ژن وەك هەنگە، یان هەنگوینت ئەداتێ، یا پێتەوە ئەدات... (خاڵ،٢٠٠٧، ل ٢٣٦) (Xall,2007, p236).

- **خۆپەرستی:**

خۆپەرستی سیفەتێکی ناشرینی نـاو کـۆمەڵی مرۆڤـایەتییە بەڵام لە بەشـێك لە پەنـدەکانی پێشـینانـدا ئەم سیفەتە دراوەتە پاڵ ژنان و بەجۆرێك وێناکراون ئەوان لەهەر بـار و دۆخێکـدابن خەمـی خۆیـانە وەك حافزی مهابادی لەو پەندانەدا کە بۆی تۆمارکردووین لە شێوەی شیعردا، دەڵێت :

-کابرایەکیان برد بۆ پای سێدارە

کە بانووی بەزمی پێ گرت بێ چارە

وتی کیسەیەك خەنم پێویستە

بینێرە بەڵکو بۆم بێت هەرئێستە

یان

-پیاو ماڵی دەوێ ژنان زێڕ و زیو

بزن خەمی گیان، قەساب خەمی پیو...(دەباغی، ١٣٩٤، ل ٤٦) (Dabakhy, 1394, p46)

- **ساویلکەیی:**

یەکێکـی تـر لە وێنەنـانی کە لەپەنـدی پێشـینانـدا بەرچـاو دەکەوێـت سـاویلکەیی ژنـان و زوو هەڵخەڵەتانـدنیانە لەلایەن کەسـانی بەرانـبەرە وە واتە نـاتوانن ڕاسـتی درۆ لەیەك جیـابکەنەوە، جـگە لەوەش وەك کەسێکی پارە پەرست نیشاندراون. نموونە:

-ژن، یا بەهەمانەیە پارە دێ یا بە هەمانەیە درۆ

(بەهەمانەیە پارە ژن بێنە یا هەمانەیە درۆ بنوێنە)

-ژن، هەم خۆش باوەڕە و هەم بێ باوەڕە

(ژن خـۆش بـاوەڕە لەبەر دڵ نەرمـی هەم بـێ بـاوەڕە لە بەر بەشـەرمی)... (ژاکـاو، ١٣٦٨، ل٤٨٣) (Zhakaw,1368, p483)

- **دوو دڵی و ڕاڕایی لە بڕیاردان:**

ئەم وێنەیە تایبەتکراوە بەژنان و زۆربەی پەندەکان وەك سیفەتێکی هەمیشەیی دەیدەنە پاڵ ژنـان و وای پیشاندەدەن کە خاوەنی بڕیار و ئیرادەی خۆیان نین و بەردەوام لە ڕا گۆڕیندان.

-ژن، تا جووتێك پێڵاو ئەکڕێ، جووتێك ئەدڕێنێ

(ژنان تا جووتێك پێڵاو ئەسێنن هێندە ئەگەڕێن دوو جووت ئەدڕێنن)

-ژن، زوو لەشت بێزار ئەبێ

(ژن بێـزار ئەبـێ لە ئەنگووسـتیلە بێـزاری لە مێـرد لەسـەر دەلـیلە).... (ژاکـاو، ١٣٦٨، ل ٤٨٠) (Zhakaw,1368, p480)

- **بەکاڵا سەیرکردنی ژن و هێشتنەوەی لەناوماڵدا:**

لەزۆربەی پەندەکان لە ژێر کاریگەری ئەوە باوەڕە کاریان کردووە کە دەبێت ژن لە چوار دیواری ماڵدا بهێڵرێتەوە و وەکو ئامێرێك بـۆ خزمەتـی پیـاو و بەخێـوکردنی منـداڵ و بەبیـانوی جـۆراو جـۆرەوە ڕێگەی چوونە دەرەوەی لێگیراوە و هەمیشە بەچاوێکی برسی ئارەزوویەکی سێکسییەوە سەیری کـراوە، وەك سەرچاوەیەك بۆ هەڵخەڵەتاندنی پیاوان لێی ڕوانـراوە، وە سـەنگی ژن بە هەژاری و دەوڵەمەنـدی ماڵە باوانییەوە دیارکراوە، وەك:

-ژنی باش بۆ کەچەڵ، بەشی باش بۆ تەمەڵ

(هەر ژنێ جوانە بۆ کەچەڵانە هەر بەشێ باشە بۆ تەمەڵانە)

-ژن داوێنەکەی دوژمنیەتی

(ژن داوێنـەکەی ئەبێتە دوژمن بە شـوێنیا ئەچـێ ئەم کـون بـۆ ئەو کـون).... (ژاکـاو، ١٣٦٨، ل ٤٨٣) (Zhakaw,1368, p483)

-ژن و ماڵیان وتووە..... (خاڵ،٢٠٠٧، ل ٢٣٦) (Xall,2007, p236).

-دەڵێن هەر ژنێ کە بێ جیازە

لێی قبووڵ ناکەن، ئەو هەموونازە

-کچ داری گوێزە، هەر ڕێبواری

تووشی بوو، تێی هەڵدەکا پلارێ....(دەباغی، ١٣٩٤، ل ٢٠٣)(Dabakhy, 1394, p203)

تەنانەت گەڕان چوونە دەرەوەی ژن پەیوەست ئەکەن بەنەمان و لەدەسـتدانی حەیـا و شـکۆی ژن و لە پەندی پێشینانـدا ئاوا باسی گەڕانی ژن کراوە.

-ژنی گەڕیدە، حەیای پەڕیدە

(ژنی گەڕیدە حەیای نامێنێ        هەر شەو لەلایە سەر دەر ئەهێنێ)..... (ژاکاو، ١٣٦٨، ل ٤٨٥) (Zhakaw,1368, p485)

- **ڕۆڵی خراپەکاری:**

هەموو کردەوە دزێو و ناشیرینەکانی کە پیاوان ئەنجامی دەدەن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، هۆکارەکە دەگێڕدریتەوە بۆ زمان و هاندانی ژنان و ژنان وەك هێزی شەڕ و خراپە لە پەندی کوردیدا وێنا کراون و پیاوان لەو سیفەتی خراپە و شەڕەنگێزییە بەدوور گیراون، وەك لەم نموونانەدا دەیانخەینە ڕوو.

-ژن هەسانی مێردە

( هەسانی مێردن ژنان هەموویان        بەنووکە نووکێ تیژ ئەکەن شوویان)

-ژنی بێ حەیا، ئەبێتە شووی پیاو

(ژنی بێ حەیا، ئەبێتە شووی پیاو        بەو چیقە چیقە پیاو ئەکا بە میاو) ... (ژاکاو، ١٣٦٨، ل ٤٨٣) (Zhakaw,1368, p483)

-پیاو چەقۆیە، ژن بۆتە هەسانی

تیژ و کولی ئەکا بەهۆی زمانی....(دەباغی، ١٣٩٤، ل ٥٢) (Dabakhy, 1394, p52)

ئەم خراپ خستنە ڕووەی ژن هەر بەوەوە ناوەستێ، بەڵکو بەسەرچاوەی نانبڕین و شوومی دادەنرێت لەماڵدا و وەك ئاگرێك بۆ ئاژاوە و پشێوی پیشاندەدرێن، وەك:

-ژن نین ژانن، قاتڵی نۆ تەبەك نانن... (قاضی، ١٣٦٤، ل ٢٣١) (Qazi,1364, p231)

-ژن بڕێکی ژانە مێمڵ دۆڵە نانە

-ژنی بەدخۆ لە ماڵتا، ئاگر بەتین لە پاڵتا...(رخزادی، ١٣٩٤، ل ٢٣٣) (Rwkhzadi,1390, p 233)

بەڵام دواجار سەرکەوتنەکانی ژن ئەگەر هەیبێت هەمووی وابەستەی پیاو کراوە، واتە ئەگەر پیاو خواستی سەرکەوتنی ژنی هەبێت کەس ناتوانێ ڕێی لێبگری و ئەگەر خواستی بەکەم سەیرکردنی ژنی هەبێت ئەوا ئەوکاتیش کەس ناتوانێت ڕێگری لێبکات. وەك:

دەڵێن هەرژنێك مێرد بیکا سەنگین

عالەم هەڵبستێ پێی نابێ نەنگین

بەلام هەر ژنێك مێرد بیکا ترۆ

بە هەموو عالەم ناکرێ پەرۆ.... (دەباغی، ١٣٩٤، ل ٨٠) (Dabakhy, 1394, p80)

دواجار سەرەڕای ئەو پرۆسەی بەشەیتان کردنەی کە لەپەندی پێشیناندا وێنەی ژنی پێ نەخشێنراوە، بەڵام ئینکاری ئەوە ناکەن، کە ئەگەر چی ژن بەڵایەکە بەڵام پێویستە پیاوان بێ بەش نەبن لە هاوبەشی ژیان

لەگەڵیاندا، بە نموونەی ئەم پەندەی کە دەڵێت:

ژن بەڵایەکە یارەبی خوایە

بێ نەسیب نەبێ کەس لەو بەڵایە... (دەباغی، ١٣٩٤، ل ٢٠٢) (Dabakhy, 1394, p202)

- **بە بێ عەقڵ پێشاندان و هاوتاکردنی لەگەڵ ئاژەڵدا:**

لە پەندی پێشیناندا هەمیشە ژنان بەسەرچاوەی نەزانی و کەم عەقڵ وێناکراون و هەر بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو زۆرجار هاوتاکراون لەگەڵ ئاژەڵاندا و یان وەك ئاژەڵ سەیر کراون وەك لە نموونەی ئەم پەندانەدا کە دەیانخەینە ڕوو.

-ژن، ئەقڵی دە کۆشی دایە هەستا لێی دەکەوێ.

-ژن بە ڕکێف کەوتووە.

-ژن و ئەسپ و چەك وەفایان بۆ نییە... (قاضی، ١٩٩٦، ل ١٤٩) (Qazi,1996, p149)

- **بەکەم گرتنی ژن لە بەرانبەر پیاو:**

هەمیشە لە پەندە کوردییەکاندا وێنەی ژنان لە بەرانبەر پیاواندا بە بچووك نیشاندراوە و پیاو بە پلە یەك ژن بە پلە دوو، هەر جۆرە قوربانیدان و فیداکارییەکی پیاو لە بەرانبەر ژندا بەبێ نرخ خراوەتە ڕوو ژنانیان بە شایەنی هیچ جۆرە قوربانیییەك نەزانیوە کە لەلایەن پیاوانەوە بۆیان بدرێت، بە نموونەی ئەم پەندانە:

-تاقە کوڕێکی خوێڕیلە و بێ دەنگ

قەزای لە دووسەد کچی شۆخ و شەنگ

-ژیان لە پێناو ژنێك خەسار کەی

وەکو بۆ کێچێك گایەك خەسار کەی.... (دەباغی، ١٣٩٤، ل ٥٢) (Dabakhy, 1394, p52)

- **بایەخدان بە ژن تەنها لەتەمەنی گەنجی و جوانی:**

بایەخدانێکی لاوەکی بەژنان لە پەندی کوردیدا بەدی دەکرێت ئەو بایەخدانەش زیاتر لە پێناو حەز و ئارەزووی پیاواندایە، ڕینمایی پیاوان دەکرێت لەکاتی تەمەنی لاوی گەنجی لە ژنان نزیك بنەوە و بیانکەن بە هاوسەری خۆتان، بە گرنگی پێدانەش لەسەر بنەمای ڕیزگرتن و خۆشەویستی نییە بەو پێی هەر لەپەندی پێشیناندا دە ڵێت کاتێك کەژنان پیربوون بەر لەمردنیان بیانخەنە ژێرخاك واتە

تەنها بۆ ماوەیەکی دیاری کراوی تەمەن کە جێی سەرنجی پیاوانن لایان لێکراوەتەوە بایەخیان پێدراوە، بەنموونەی ئەم پەندانە کە دەیانخەینە ڕوو:

-ژنت هێنا با کچ بێ، با قەوی و کاڵ و کرچ بێ

(گەر ژنت هێنا با کچ و لاو بێ          هەم کاڵ و کرچ و هەم تێسمڕاو بێ)

-ژن بەلاوی بخوازە، جگەریش گەرم و تازە

(تا گەنج و لای ژنێ بخوازە     جگەریش بکڕە، بەگەرمی و تازە)... (ژاکاو، ١٣٦٨، ل٤٧٨) (Zhakaw,1368, p478)

بەڵام دوای کۆتایی هاتنی تەمەنی گەنجی جوانی دەڵێت:

-شیر ئەگەر کۆن بوو ئەشێ بیرێژی

ژنیش کە پیر بوو خێرا بینێژی ... (دەباغی، ١٣٩٤، ل ١٣٥)(Dabakhy, 1394, p135)

- **تۆمەت بەخشینەوە:**

لە پەندی پێشینان‌دا زۆر جار ئەوە بەدی دەکەین کە تۆمەتی ناڕەوا و ناشیاو دەدرێتە پاڵ زۆرینەی ژنان و بە جۆرێك دەگاتە ئەو پەڕی بێ ڕێزی و زۆرینەیان بە داوێن پیس و ناپاك وەسف دەرکێن بەنموونەی ئەم پەندەی دە دەڵێت:

ژنی داوێن پاك کەم و نایابە

ژنی داوێن پیس زۆر و خراپە... (مودەریسی، ١٣٨٤، ل ٩٢) (Mwdarisy,1384, p 92)

- **بە سووك و لاواز سەیرکردن:**

هەرچەندە دەکرێت بڵێین لەکۆی ئەوانەی باسمانکردن هەر یەك لە گۆشەنیگایەکەوە بە بەکەم گرتن و سووك سەیرکردنی ژنانە بەڵام زۆر جار ئەمە لە خودی پەندێکدا چڕ دەبێتەوە و بەتەواوی مانا ژن بە سووك لاواز سەیر دەکات و بەبێ پیاو بە کاڵایەکی بێ ئەرزشیان دەخاتە ڕوو یان هەر باردۆخێك، کە لەدەروەی ویست ودەسەڵاتی ژنیشەوەبێت بەسەریدا بێت بە نەنگی شورەیی بەسەریدا دەشکێتەوە بەنموونەی:

-ژنی بێ مێرد، باخی بێ پەرژینە


(ژنی بێ مێرد و باخی بێ پەرژین          بە بێ خاوەن و داشدیار ئەژین)

-ژنی تەڵاق دراو، گای شاخ شکاو

(گای شاخ شکاو و ژن تەڵاق دراو          هەر دوو عەیبدار و سوکن لە بەرچاو)... (ژاکاو، ١٣٦٨، ل ٤٨٤) (Zhakaw,1368, p484)

ئەوەی لە چەند هەنگاوێکدا خستمانە ڕوو لە بارەی وێنەی ژن لە پەندی پێشینانی کوردیدا دڵۆپێکن لە دەریای پەندە کۆکراوە و کۆنەکراوەکانی زمانی کوردی، کە ڕەنگە لای گەلانی تری دونیا و بەتایبەتی گەلانی دراوسێ ژنان هەمان وێنە و خراپتریشیان هەبێت، چونکە (زۆربەی هەرە زۆری گەڕیدە بیانییەکان ئاماژە بە هەندێ جیاوازی دەکەن لەنێوان پێگە و بار و دۆخی ژنانی کورد و ژنانی گەلانی دراوسێدا) (قادر، ٢٠٠٩، ل ١٢٤ ) (Qadr,2009, p 124) بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە بڵێین بارو دۆخی ژنانی ئێمە باشترە، چونکە ئەوەی خستمانە ڕوو مشتێکە لە نموونەی خەرواریك کە لێوان لێوە لە سووکایەتی و بەکەم سەیرکردنی ژنانی کورد و دەرخەری تێڕوانینی دواکەوتووانەی بەناو دنیادیدەکانی پێشینی خۆمانە.

ئێمە تەواوی وێنە جۆراو جۆرەکانی کە خستمانە ڕوو لەم بەشەدا لەم نەخشەی لای خوارەوەدا پیشانی دەدەین.




**ئەنجام:**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەم چەند ئەنجامێك گەیشتین کە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

١-بەشێکی زۆری پەندەکان لەژێرکاریگەری کلتوری گەلانی دراوسێ تێکەڵ بوو بەئایندا وتراون.

٢-لە زۆربەی پەندەکاندا ژن وەك کەسێکی لاوەکی و پلە دوو سەیر کراوە و سەرجەم هۆکارەکانی خراپە و نەهامەتی و دوالیزمەی خۆشبەختی و نارەحەتی خراوەتە ئەستۆی ئەو.

٣-ئەو تێروانین و هەست و سۆزەی پیاو کە لەشیعر و گۆرانیدا هەیەتی بەرانبەر بەژن، لە پەندی پێشیناندا تەواو پێچەوانە دەبێتەوەو وێنەیەکی تەواو سەلبی دەخاتە ڕوو بۆ ژنان.

راسپاردە و پێشنیاز

بە گونجاوی دەزانین پەیوەست بە پرسی ژنان توێژنەوەی زانستی جۆراو جۆر بکرێت بۆ دەرخستنی وێنەی ژن لە تەواوی بەشەکانی تری فۆلکلۆر بەمەستی گەیشتن بە ئەنجامێکی گشتگیر لە مەڕ تێڕوانینی کۆمەڵگای کوردی لە ڕابردوودا بەرانبەر بە ژنان.

**References**


Dabaghi, Mala Ghafur.(1394 Hatawi). Proverbs, perpured. Kazhal Dabaghi, 1st ed, Hunar w andesha, shqiz, eran.

Hariri, Muhammad.(2015). Women Between Religious Extremism and Fememist Venture, 1st ed, Electronic Press, Stander Publishing House, Hawler.

Hariri, Muhammad.(2016). Kurdish women under the effect of Femenism Speech, Translated from Arabic, Abdul Star Baghrmachy, 1st ed, Electronic press, London.

Khal, Shekh Mhammad.(2007). Proverbs, 4th ed, Shivan Press, Slemani.

Mudarrisi, Muhammad Arf.(1384 Hatawi). Kurdsh Heretage, 1st ed, Shekhi Book seller, sina.

Qadir, Jabbar.(2009). Kurdish Women in History, Kurdish academic Journal, No.13, 1st ed, Haje Hashm Press, Hawler.

Qadir, Saro.(2009). Women, a prmblem throughout history, 1st ed, Rozhhalat Press, Mucrian Publishing House, Hawler.

Qazi, Qadir Fattahi.( 1996). Kurdish Rules and Examples. 1st ed, 2nd Volume, Tabriz University Publishing, Tabriz.

Qazi, Qadir Fattahi.(1364 Hatawi). Kurdish Rules and Examples. 1st ed, 1nd Volume, Tabriz University Publishing, Tabriz.

Rasul, izaddin.(1970) Kurdish Folklore Literature, 1st ed, Jahiz Press, Baghdad.

Rukhzadi, ali.(1390 hatawi) Kurdish pendent, 3rd ed, Kurdistan Publishing. Sina.

Sajjadi, Aladdin.( 1970). Valuation, 1st ed, Maarif Press. Baghdad.

Sajjadi, Aladdin.(1391 Hatawi). The History of Kurdish Literature, 1st ed, Kurdistan Publishing. Sina.

Sdiq, Aram.(2007). Womans Issue and New Millenium, 2nd ed, slemani.

Sharazuri, Ali.(2010) Kurdish Proverbs, 2nd ed, Chwarchra Press, Slemani.

Studa, Siamak.(2009).Women in History procession, Translated, Hamid Gawhary, 1st ed, Nina press, Opsala, swed.

Taha, Adnan.(2008).Kurdish Folklore Poetry in the East of Kurdistan, MA. These, college of language, Slemani University, Slemani.

Zhakaw, Ahmad Bahrami.(1394 hatawi). Wise Old sayiny, 1st ed, Shamim Press, Kurdistan University, Sina.


**سەرچاوەکان:**


تەها، عەدنان. (٢٠٠٨). شیعری فۆلکلۆری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

خاڵ، شێخ محمدی.(٢٠٠٧) پەندی پێشینان، چاپی چوارەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

دەباغی، مەلا غەفور.(١٣٩٤ هەتاوی) پەندی پێشینان، ئامادەکار، کەژاڵ دەباغی، چاپی یەکەم، فەرهەنگسەرای هونەر و ئەندێشە، سەقز.

رخزادی، علی. (١٣٩٠ هەتاوی). گوارەی کوردەواری، چاپی سێیەم، انتشارات کردستان، سنه.

ڕەسوڵ، عیزەدین.(١٩٧٠): ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی جاحظ، بغداد.

ژاکاو، ئەحمەد بەهرامی. (١٣٩٤ هەتاوی). پەندی پیران و فەرموودەی ژیران، چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی شەمیم، زانکۆی کوردستان، سنه.

سەججادی، عەلائەدین.(١٣٩١ هەتاوی) مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان، سنه.

سەججادی، عەلادین.(١٩٧٠). نرخ شناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.

ستودە، سیامەك.(٢٠٠٩). ئافرەت لەکاروانی مێژوودا، وەرگێڕانی، حامید گەوهەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی نینا، ئۆپسالا(سوید).

شارەزووری، علی.(٢٠١٠). پەندی پێشینانی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

صدیق، ئارام.(٢٠٠٧). دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، چاپی دووەم، سلێمانی.

قاضی، قادر فتاحی.( ١٣٦٤هەتاوی). امثال و حکم کردی، چاپی اول، بخش اول، انتشارات دانشگاه تبریز، تبریز.

قاضی، قادر فتاحی.(١٩٩٦). امثال و حکم کردی، چاپی اول، بخش دوم، انتشارات دانشگاه تبریز، تبریز.

قادر، جەبار.(٢٠٠٩) ژنانی کورد لە مێژوودا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ١٣، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

قادر، سەرۆ.(٢٠٠٩). ئافرەت کێشەیەك بەدرێژایی مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای موکریان، هەولێر.

مودەریسی، محمد عارف.(١٣٨٤هەتاوی). کەلەپوری کورد، چاپی یەکەم، کتێبفرۆشی شێخی، سنه.

هەریری، محمد.(٢٠١٦). ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فێمینزمی دا، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە: عبدالستار باغرمەچی، چاپی یەکەم، ئەلکترۆنی، لندن.

هەریری، محمد.(٢٠١٥). ئافرەت لەنێوان توندڕەوی ئایینی و سەرەڕۆیی فێمێنیستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەلیکترۆنی، دەزگای ستاندەر،هەولێر.